نیشتمان لە خەیالی شەرکەبیکەسدا … هەشیار جەمال

مرۆڤ لە پاش لەدایک بوون و گەشەکردنی سەرجەم جەستەی و هزری سەز و خۆشەویستی بە ئەوپارچە زەویە یان ئەوخانوە هەیە کە لەسەری دەژی، ئەم خۆشەویستە لەو کاتەوە دەستت پێدەکات کە دایک وباوک دەگەرن وبەردەوام دەبن لە پێوست بوونیان بەو خانو یان ئەو ناوچەیەی تێدا دەژین وئامادە نابن هەروابئاسانی بجێ بهێڵن.
ئەگەر ئەم تێگەیشتنە بە شێوەیەکی گەورەتر ببینین ئەوا بەمادەردەکەوێت،کەمرۆڤ سەز و خۆشەویستی بەسنوری هەیە بۆئەو نیشتیمانەی کە دەژی تێداو لەی پەروەردە بووە، وهەردەم هەوڵی پاراستنی داوە لە هەرشی دوژمنان، ئەم خۆشەویستیلە کەسێکەوە بە کەسێکی تر جیاوازە ڕەنگە کەسێکی سەرمایەدار بووگەرخستنی سەرمایەکەی لە وڵاتەکەی خەیدا خۆشەویستی خەی بەدربەی، یان مژووونوس و شوێنەوارناسان بگەڕان و ئەنجام دانی توێژینەوەکانیان لە سەر ڕەوداوەکان و شوێنەوارە مژوویەکان لە پێناو هەواڵدان بە پاراستنی کەلەپوری وڵاتەکیان خۆشەویستیان دەربڕن.

شاعیران و نوسەران وئەدیبان نوسەرانی کورد هەرلە ئەحمەدی خانی و حاجی قادری کۆیی ونالی و گۆران و شێخ نوری شێخ ساڵح وچەندانی تر هەریەکەیان لە ڕەگای توانا ئەدەبیەکەیانەوە خۆشەویستیان بە نیشیمانە کەیان دەربڕیوە،ئەگەر چی توشی گرتن و زیندانی کردنیش بوبێت، بەڵام بەردەوام بوون و پەیامی خەیان گەیاندوە، شەرکە بیکەسی شاعیری گەورەی گەلەکەمان لە دەستپێکی شیعر نوسینەوە یاخی بوو لە هەموو کولتور ودەسەڵات و هەموو ئاینەکان لە پێناو نیشتیمانەکەی.

ئەو شاعیرە گەورەیە لە تەنیشتی چرایەکی گەشەوە گەورە بووە کە ئەویش شاعیری نیشتمان پەروەر فایەق بیکەسی باوکی بوو،کەیەکەک بوو لەشنبیرەهەرە دیارەکانی کورد لە نیوەی یەکەمەی سەدەی بیستەم ،کە لە تەمەنێکی کورتدا هەر لە پیشەی مامۆستایەکەیەوە تا شاعیرێتەکەی کە بە شیعرە نیشتمان پەروەریەکانی هەموو نیشتمان پەروەرانی هاندەدا کە ستەمکاری لە دەسەڵاتی سیاسی قبوڵنەکەن.

شەرکەبیکەس کە بە دیوانی تریفەی هەڵبەست لە ساڵی ١٩٦٨دەستی پێکرد،هەرلەسەرەتاوە نیشتمانی وەک مەعشوقەک بینیوە بە چەندین

شۆڕ فۆرمی جیاواز لەگەڵ بەرەو پێش چوونی شیعری کوردی دەزی نەتەوەی کورد و ئۆکارساتانەی بەسەریدا هاتوون بەردەوام بووە لە خزمەت و نوسین بۆ دەڤژای چل ساڵ کۆ لوتکەی خۆشەویستی بۆ نیشتیمان و گەلەکەی لە گۆستانی چراکان و دەربەندی پێپولۆ و خاچ ومار وەڕزمیری شاعیرەکدا دەنگی داوەتەوە.

بەڵام لە دوای سەرکەوتنی شۆرش لە م پارچەیەی کوردستان وبەدی نەهاتنی بۆ شەک لە مافەکانی خەڵک هەواش هەواش شیرکۆ لە مەعشوقەکەی دورکەوتەوە کۆ نیشتمانەکەی.
سەرەتای ڕەخنەی شۆرکۆ بەکەس لە دەقی واڵای کورسیەوە دەستی پێکرد ودواتر لە کتێبە شیعری ملوانکە و هەروەها هەست و نەست دەڤژەی پێدا تا لە ساڵی ٢٠١١ لە دەقی واڵای ئیستا کچێک نیشتنمانمە دا بە تەواوی دەنگی دایەوە وگەیشتە لوتکە.
ئەستا کچێک نیشتمانمە یاخی بوونێکی ناوازە و جیاواز بوو لە ڕابردووی شاعیرخەی گومان کردن بوو لە هەموو بەرهەمەکانی پێشوتری شۆرکۆ لە بەرهەمە نیشتمانیەکانی تری!
شۆرکۆ لە نەوان بەدەنگ بوون لە نادادپەروەری و بەرگری کردن لە گەنجانی ماف خوراو دووەمیانی هەڵبژارد.

لەبیرمە لە ساڵی ٢٠١١کەشۆرکۆ بەکەس داوای کرد پێش ئەم بەرهەمە پێش ئەوەی بڵاو بکرێتەوە وەک کتێب بشێوەی دەنگ و دەنگ لە کەیکدا بە ئەدەب دەستان و گوێگران بخوێنێتەوە، بەڵام لایەنی پەیوەندیدار هیچیان نەدا بە هەی باری ئەمنی ئەوەمە کەکەی بکات.
بەیە شۆرکۆبەکەس بەیاری دا لەیەکەک لە ژێر زمینەکان بەرهەمەکەی بخوێنێتەوە وەک ناڕزایی دەربەینەک، دەقی واڵای ئیستا کچێک نیشتمانمە بشێکی یەکەمی بەڕزمەری کوردکی گەنجی تەمەن نزدە ساڵە کە باس لە ئازارو گرفتکانی خەی دەکات لە ماوەی حوکمرانی کورد خەیدا و دەڵێت:
من ناوم(کامەرانە)
یەکەم درەی نوساوبەجێستەی خەمەو ناوکەی خەمە
هەروەک ئەوەی دەدەنک ناوی (دنیا) بە و(قاقی)ناوی دارستان بێت.
شیرکۆ لە م بەرهەمەیدا دەبێتە زمانحاڵی زەربەی باینەدە وگیانلەبەرکان دەبێتە گەروی هاواریان ،دەڵێت:
من ناوم کیسەڵ
ئەوچەند ساڵە لەم گوە گەمە حەماڵی ئەکەم
ئائەو کونش ماڵەکەمە.

بەڵام دوێنێ چەند قاچێکی نیشتمانم لێ پەیدابوون
تووڕە و تووڕە
بەنوکی شاق هەتا ئێو خوارەیان بردم
لە م کتێبە دا چیتر نیشتمان ئێودایکی میهرەبانە نیە کە منداڵەکان لێدەوری کەبەنێو وبەدادپەروری ژەمە خەراکێک دابەش بکات بە سەریاندا چونکە نیشتمان بەدەست کەمڵەک کەسێوە تەواو هیلاک و ماندوە ڕەژانە ئازار دەدرێت و دەشت ودەڕ وڕووبارەکان هەمووی دابەش کراوە تەنانەت مەتریش دەتە گۆ ودەڵێیت:

من ناوم(مەترە)
مەتری ئەرز پەوان بەزارم بەزار
ئێوە چەند ساڵە کەمڵەک دەستەکی نیشتمان
لە بناری ئێوشاخێوە هەتا ناوشارئەمکەنێوە و ئامەکەشن
جاری واهەیە من چەندین جار تەواو ئەبم
بەڵام ئێوان ئەرزەکانیان تەواو نابە!
شاعیر بەم زمانە ڕەخنەیە بەردەوام دەبێت تا لە بەشی دووەمدا لە جیاتی کچێک کوردستان دەکاتە نیشتمانی خۆی بەناوی (ڕەزانا) ئەم کچە لە چاوی شاعیردا پرچە ڕەشەکانی مەراقی دایکەتی ڕەنگی پەستی لە جۆگەلەی بەرهەتاو دەچێت و دەستەکانی لە دەستی بەفری قەسیدە.
دانیشتن لە کەناری ئێو وەک دانیشتە لای ڕووبار هەرچی ئازار و ناخۆشی وسەختی نیشتمانە ڕەزانا بە جوانی ولەبوردەی وخۆشەویستی لە بیری دەباتەوە،ودەڵێیت؛
من ئێوەتەی
ئێوکچەم ناسیوە
ئێوەتەی بارانی پرچی
ئێو لەم ئێدا
بووم بە شاعیری ئاو
وناوبەناو نم نم ئێنوسم و
هەندەک جاریش لەزمە بەخوە!
پەستی نازداری ڕەزانا
لەگەواڵە هەورئەچە
ڕەنگ برەنزیی هەمووجارە
کەسەرنجم
لەهەوری شان ومل ئێدا ئیتر بارانی پەخشان و
خەون و ئاواز بەسەر مندا دائەژە

خوێندنەوەیەکی پانۆرامی بۆ جەستەکانی نمایش لەسەماکانی گروپی لەیزیندا … بازمحەمەدجەزا

ئەمە لەکوردستان زۆر ئاشنای دنیای جەستەو جوڵەوکردارنین ، واتە کەلتوری ئەمە نەیتوانیوە یان نەی ویستووە جەستەی هە مەجۆربەرهەم بهێنێت ، لەبەرئەوە جیاوازیەکی زۆر زەق لەجەستەیەك بۆجەستەیەکی تر بەدی ناکەین تەنها لەئاستی ووکەشدا نەبێت . بەڵام کاتێك (جەستە/ جەستەکان) دەچنە سەرستەیج و بارگاوی دەبن بە واتاکان ودەبنە هونەر وکەد پەخش دەکەن ، ئیتر دۆزەکە دەگۆڕێت و لەجەستەیەکی بەرهەستی رۆژانەوە بۆ جەستەیەکی تەژی لەکاریگەریەکانی ژیان دێنە ناو نمایش و بەهونەر پێشکەش دەکرێن . هەروەکو ڕوونان بارت لە چاوپێکەوتنێکی تیقیدا کە تیری ووهن دایش بۆبەرنامەی زیك زاك سازی کردووە لەگەڵیدا بەناوی " ئەوجەستەیەی تێیدا نیشتە جێین " دەڵێت : لەواقیعدا چەندین جەستەی زۆرو زەوەند هەن ، جەستەی مرۆیی زۆرسادە، زۆربابەتی . زۆر بەرهەست هەیە . خەڵك پێیان وایە دەتوانن لەم مەسەلەیەدا لێك بگەن" هەرلەبەرئەوە من دەمەوێت لەو نمایشانەی ڕۆژی 27/3/2018 دا ، خوێندنەوەیەکی پانۆرامی بکەم بۆ جەستەجیاوازەکانی نمایش ، لەبەرهەمەکانی گروپی لەیزیندا کە بریتین بوون لە سێ پێشکەشکردن بەناوەکانی : " سەمای ئاورینگ، کۆریۆگرافیای هونەرمەند ووبار ئەحمەد " و هەروەها سەمای "دوود، کۆریۆگرافیای مینا نیاز " وهەروەها سەمای کۆتایی جەنگ ..کەلەمەراسیمی ڕۆژی جیهانی شانۆدا پێشکەشکران .

ئەوەی بینیمان لە جەستەکانی ئەو نمایشە یەك لەدوای یەکانە ی گروپی لەیزین ، لەبۆنەیەکی جیاوازو کات و ساتی جیاواز لە دۆخی باوی ژیانکردن لەم جوگرافیایەی تیای دەژین ، واتە لە وەزیفەی باوی جەستەکانەوە لەجوڵەو کردارەکانی ژیانی ڕۆژانەوە کەچاومانی ئام کردووە پەیوەندیەوە بۆ جوڵەوکردارەجیاوازەکانی نمایش بەواتایەکی تر چەند جەستەیەکی جیاواز لەبۆنەیەکی دیاریکراوداو

لەساتێکی پێ جەنجاڵیدا لەواتای فیزیکی کەلەوانگەی گشتیەوە واتایەکی هەیەو جارێکی تر لەلایەن نمایشکارانەوە دادەڕژێنەوەو دەمانفڕێن بۆناودنیایەکی پڕلە فنتازیاو لەوێ جەستەی مرۆیی بەمانا باوەکەی دیارنامێنێت و لەکەرەستەوە دەبنە ڕۆئیاو دووبارە تەماشاکردنەوەیەکی نوێ بۆمرۆڤ و جوانی و میزانسێنی هونەری …

بەمجۆرە لەجەستەیەکی بایەلۆژی و بەرهەستەکی و ئاسایی و باوەوە ، دەگوازینەوە بۆ جەستەیەکی هونەری و پڕئیستاتیکا و دەبێتە ێکابەر لەبەرامبەر جەستەیەکی : (سەربازی – ئاینی – دێگم) و داخراودا …واتە لەم نمایشانەدا واتاکان تەژی دەبن لە ناباو ئیتر دەبێت لێرەدا ملوانکەیەکی هونەری و بەهەگەزە هەمەجۆرەکانی نمایش بهێنینەنەوە و پیرۆزیەکان بگەڕێنەوە بۆجەستەکانی نمایش و جۆرێك لە نوێبونەوە و ژیاننەوە بە (دێگم و دۆکترینەوە) بەمانا هاوچەرخ و سەردەمیەکەی .

بەڵام ئەوەی زۆرجێگەی لەسەر وەستانە بەکارهێنانی دژە ئاکاری کۆمەڵایەتی و ئاینی و بەکارهێنانی نۆرمی نوێی فەنتازیاو دووبارە بیناکردنەوەی جەستەکوژراوەکانی نەوەیەك و پیشان دانەوەی وزەی ئەوجەستانەی کەلە پەراوێزیشدا ناخوێندرێنەوە ، هەربۆیە منی وەرگر ناچارم لێرەوە ئەو نهێنیانە
کەشف بکەم کەخوودی نمایش هەڵگریەتی واتە کە تێ دژی (تابۆ) و لاسایگەری بیت ،دەبێت لەسەر ئاستی فەرهەنگی سەماو جوڵەو کردارەکانی نمایش هەمان دژ و هەمان قەیران بەیان بکەین و لەم ڕوەوە جەستەو مەعریفەی جەستەکان بریتی دەبن لە :
1- ڕۆشنبیری جەستەکان
2- مەشقی جەستەکان ..
3- پەیوەندی جەستەکان و باکگراوندی کۆریگرافەکان ..

من لەم نووسینە کورتەدا تەنها بەخڕایی ئاماژەیان بۆ دەکەم ، مەعریفەی جەستەکان کەلەاستیدا ئەمە بابەتی تویژینەوەیەکی زانستیە ، تەنها زۆربەکوتی ئەوەی پەیوەندی ڕۆشنبیری جەستەکانەوە هەبێت ، پێشینەی ڕۆشنبیری ئەم جەستانە لە مێژوودا زیاتر بۆ بۆنە ئاینیەکان و سەربازگەکان بەکاردەبران و مەبەستکی ئایدۆلۆژی لە پشتەوە بوون ، پاشان بەجیهانی کراون و لەمردا توژەران پێی دەڵێن ئیرۆتیکای جەستەی مرۆیی کە بریتی بوون لە کۆمەڵك فیگەری ئیستاتیکای جەستەمرۆیەکان ، جالەم سۆنگەیەوە من هەست بە کەمی وزەی ئەو جەستانەدەکەم لەووی ڕۆشنبیری جەستەکانەوەکە کە دەتوانرا بەرلەهەرشتێك ئەم جەستانە ڕۆشنبیربکرێن و ئەرك و ئاست و

مەوداو وزەی خۆیان بەباشی بناسن و لەوە پچنە ناو مەشقەکان کە بریتی دەبن لە ئاستە پراکتیکیەکەی ڕۆشنبیریی جەستەکان و ئەوەی کە پەیوەستە بە باکگراوندی کۆریۆگرافەکان ، تەنها دووسەرنجم هەیە ئەوانیش بریتین لە :

یەکەمیان : ئەو پێشینە ئیستاتیکی و ئیرادەی خۆنمایشکردنەی کۆریۆگرافەرەکان خۆیان و دەرخستنی وزە جیاوازەکان کەبەبۆچوونی من زۆر سەرکەوتووبوون لە پیشاندان و پێشکەشکردندا ، بەڵام بۆ کەم و کوڕی نیەو دەتوانرا بە ڕۆشنبیرکردنی جەستەکان چارەسەر بکرێن ..
دووەمیان : کۆنترۆڵکردن و دەستبەسەرداگرتنی پانتایی نمایش و نەبوونی هەناسەی خۆدزینەوە لەناو پانتاییەکەدا …بەڵام ئەوەش دیسان پەیوەستە بە ئاستی ڕۆشنبیری جەستەکان و بۆگومان باوەڕم وایە دەتوانرا چارەسەربکرێت .. هەرچەندە ئەوەی بینیمان لەنمایشەکاندا جۆرێکیش بوو لە مانۆڵکی تەواو ئیستاتیکی ئەو کۆریۆگرافانە کەلەڵی جەستەکانەوە سەرسامیان کردین . لەبەرئەوە ئەم جۆرە نمایشانە دەبێت ببنە بەشێکی زیندووی فەرهەنگمان ، منیش وەکو بەرپرسیارێتی خۆم ئەوەندەی توانام هەبوو خوێندمەوە بەو هیوایەی لەداهاتوودا کاری زیاتریان لەبارەوە بکەم .

27/3/2018
ڕێبازمحەمەدجەزا

لکاندنی ئینگلیز و لکاندنی پارتە کوردییەکان … سەلام ناوخۆش

لە سەدەی نۆزدە و سەدەی بیستەم باشووری کوردستان بە ویلایەتی موصڵ ناسرابوو . لە سەردەمی عوسمانیدا ، ویلایەتی موصڵ ویلایەتێك بوو لە دەوڵەت . لە نیوەی شەڕی یەکەمی گێتی دا پلانێکی نهێنی لە لایەن ئینگلیز و فەرەنسا داندرا بۆ دابەشکردنی کوردستانی عوسمانلی کە بریتی بوو لە باکوور و باشوور و ڕۆژئاوا . ئینگلیز کە تەواوی

عیراق و باشووری کوردستانی گرت ، ویستی ئەو بەشە بە هەردوو بەشی عەرەبی : سوننە و شیعە . شێخ مەحمود تەواو دژی ئەو هەوڵە بوو لە هەزار و نۆسەد و نۆزدەوە هەتا چل و یەك .
لە کاتی شێخ –یش کەسانێك هەبوون لە سیاسی و خاوەن قەڵەم لەگەڵ ئەو لکاندنەی ئینگلیز بوون ، هەر بۆ نموونە زۆربەی پیاوماقوون و وردەبۆرژواکانی سلێمانی پاش رۆژی رەشی ئەیلول لە بەر دەرگای سەرا ، چوون بۆ بەغدا بۆ ئەوەی خۆیان بەری بکەن لەو گردبوونەوەیە . هەر یەك لە پیرەمێرد و فائق بێکەس ناویان لێنان وەفدی کوردستان ، وڵات فرۆشان .

پاش مردنی شێخ لە کۆتایی پەنجاکان ، کۆمەڵێك پارتی کوردی بە بۆیەی مارکسی ، دروشمی سەرەکیان هەتا راپەرین لا مەرکەزی و ئۆتۆنۆمی و ئۆتۆنۆمی راستەقینە . کەواتە لکاندن ، لکاندنی ئینگلیز جۆرێك بوو لە کۆلۆنیالیزم .
دوای شازدەی ئۆکتۆبەر ، هەوتێك لە پارتی کوردی دروست بوو ، دووەیان لێژیا بوو . ئەو هەوتە لە ئینگلیز خراپتر ، توندتر بوو . ململانێی حیزبی لە شار لە شاخ خراپتر بوو . ناتوانین نکوولی لەوە بکەین مۆژووی حیزبی کوردی لە شاخ و شار ، مۆژووەکی پڕ ململانێ بوو ، ئەوەی تێیدا زەرەرمەند بوو .

ئێستا بەشێکی زۆری ئەو هەوتە نوێیە لەگەڵ چەند حیزبێکی کۆن گرەو لە سەر عێراقیبوون دەکەن . لە ئینگلیز خراپتر دەیانەوێ کورد بۆ بەغدا ببەنەوە ، عێراق بکەنە بروکسلێکی درەوین کە جێی عەرەب و کورد و تورکمانی تێدا ببێتەوە . لە زەمەنی پێست کۆلیانیزمدا هەر کورد بۆتە داگیرکەری خۆی ، دەیەوێ نەوەی نوێ وا گۆش بکا بە عێراقیبوون ، وەك بۆی دەسەپاتی بەغدا خۆی بسمیل کردووە و بۆتە مرۆڤ جیاوازی لە نێو نەتەوەکان ناکات.
گەر بۆتو ئەو بیرکەی عێراقیبوونی کوردییە سەربگرێ ، دەبێ نیو سەدە جارێکی تر بۆ سەردەمی کۆلۆنیالیزم بگەڕێنەوە.

مەدیا و شەواندنی زمانی کوردی … سەلاح گۆ ئەندامی

بەشی یەکەم : بە کار هێنانی وشەی ئاراستە

زمان کە هەگری فەرهەنگە بۆ هەمو ئەدیبان و زمان ناسانی دونیا گرینگە،بەڵام لە لای کورد بایەخێکی تایبەتی خۆی هەیە و بگرە کورد چیها خونی داوە بۆ نەفەوتانی زمانەکەی . هەمیشە کورد پێی وابوە دوژمنەکانی لە رگای سرینەوەی زمانی کوردی حەولی توانەوەی دەدەن ، بۆیە بە هاتنە مەیدانی مەدیای کوردی ، کورد دڵی خۆش بوو لانی کەم زمانەکەی لە فەوتان رزگاری دەبێ .نیمچە حکومەتی باشور بە پشتیوانی دەیان کانالی تەلەیزوونی و سەدان رۆژنامە و ماڵپەڕی جۆراوجۆر بە بودجەیەکی ئەجگار زۆر یەکێک لە ئەرکەکانی زیندو راگرتنی زمانی کوردی بوو بەڵام داخ و مخابن مەدیای کوردی بە گشتی و بە تایبەتی چینی بە ناو نوسەر و روناک بیری کورد کارێکیان بە سەر زمانی کوردی کردوە با بە دەواری شێی نەکا .کارەساتێکی وەها کە بە درێژایی سەد ساڵ هیچ کات دوژمنانی کورد نەیان توانیوە بە سەر زمانی کوردی بهێنن لە بەرامبەر چینی روناک بیردا هونەرمەندانی رەسەن و نە خوێندەواری کورد ، وەک گۆرانی بیژ و حەیران بۆژان ، پارێزەری راستەقینەی زمانی کوردی بوون بۆ ئەوە منەتیک بکەن یان بودجەیەکیان بۆ تەرخان کرا بۆ .

زمانێک کە ئەو هونەرمەندانە بە کاریان هێناوە راستەوخۆ لە خەڵکی ئاسایی وەرگیراوە بۆیە هیچ ناتەباییەک لە نێوان زمانی خەڵک و زمانی ئەو هونەرمەندانە نابینی . بۆ ئەوە بزانین بۆ وینە کورد پەنجا ساڵ لەوە پێش چۆنی قسە کردوە هاسانترین ریگە ئەوەیە بۆ وێنە گۆ بۆ حەسەن زیرەک وعەلی کەردار یان عارف جەزراوی و دەیان هونەرمەندی خەماڵی دیکە راگرین. ئێستا رۆک بە پێچەوانە هەر شۆنیک چینی خوێندەوار و روناک بیر (کە زۆربەیان خۆیشیان پێ ناسیونالیستە) دەستیان دابێتە قەڵم یان گۆرانییان کوتبێ،بە زمانێک دواون کە لە زمانی خەڵکی ئاسایی زۆر دور و بگرە لە هێندیک جێگا هەر خەڵک تێیشی ناگەن و پێوستە وەرگێریک یارمەتیان بدات.لێرەدا وەک سەرەتایەک باسی وشەیەک دەکەین کە لە مەداکانی باشور بۆ هەر مەبەست و بابتێک کەڵکی لێ وەردەگرن .

بۆ بەگە چەند نموونەیەکم لە کانا و ماپەی روداو و کوردستان ٢٤ هێناوەتەوە .باس کردن لەو دو کانەە گرینگە چوون بە بودجەیەکی ئجگار زۆر هەدەسووڕن و خەکەکی زۆرسەیریان دەکەن . شک لەوە دا نیە بە دەیان و بگرە سەدان ماپەی و ناوەندی هونەری و کولتوری و کانای تەلیزونی هەن کە کەوتونەتە گیانی زمانی کوردی بەام چاوەروانی لەو دو کانەە دەکرێ لانی کەم ژیرانەتر و قوتر لەو بابەتە بوانن و یەکک لە ئەرکەکانی نەتەویی خیان کە پشتیوانی لە زمانی کوردیە بە جێ بهێنن کەچی بە داخەوە تا ئستا ئەوانیش شان بە شانی ئەوانی دی قیان لێ هەماڵیوە زمانی کوردی بە جارێک وێران بکەن . داوا لە خوێنەران دەکەم سەردانکی ئەو دو ماپەە بکەن یان تەماشای کانەکەیان بکەن ، زۆر چەتوونە هەموو رۆژێ لانی کەم دو یا سێ جار وشەی ئاراستە نەبیسی یان نەیخوێنەوە ئەویش هەر جارەی بە مانایەکی سەیر و سەمەرە و جیاواز .

ئاراستە وشەیەکی فارسیە و ئەگەرچی لە فەرهەنگی موعیندا مانای جیاوازی بۆ لکدراوەتەوە بەام زۆرتر بە مانای جوان کراو یان رەک و پک بە کار دێ و نوکیشە بۆ پیاوان .
ئستا بزانین لە زمانی کوردیدا ، روداو و کوردستان ٢٤ بۆ وێنە چنی بەکار دەبەن
١ ، سەرکردەیەکی یەکتی ئاشکرای دکات کێ پشنیارکراوێ لێ ساڵۆژی کچی دوایی عومەر دەبابێ، یەکك لێ سەرکردە دێرینەکانی یەکتی، کنگرەی چوارەم ببەسترێ. ئاراستەیەکیش هەیە لەنو یەکتی کێ داوا دکات قوباد تاڵەبانی کوڕێ بچووکی جەلال تاڵەبانی لێ هەڵەمی دەسەڵات نزیك بتەوێ . (روداو)
ئاراستە لێرەدا وەدەچێ بە مانای ، لایەن ، لاینگر یان حەول و جم و جڵ بە کار هاتبێ .

٢، دوای پشتیوانیی ئمریکا و بەڵسمی ناسینی قوباد تاڵەبانی وەکو جگرەوەی تاڵەبانیی باوك و سەرنگرتنی ئاتەرناتیفکانی حوکمانی، مسەلکان بەدوو ئاراستەدا هنگاو دنێن . (روداو)
زۆر سەختە کوردێک تبگا بە راستی مەبەست لە دوو ئاراستە چیە ؟!
رەنگە ئاراستە بە مانای ئحتمال بێ واتە دو ئحتمال هەیە یانیش بە دوو هەڵدا ، بە دو رێدا .

٣، حکومتی هرێمی کوردستان پیامکی پیرۆزبایی ئاراستەی کوردانی ئزدی دکات . (روداو ١٥/١٢/٢٠١٧)
ئاراستە ئەو جار بە مانای پشکەش کردن دێت ، یانیش پیرۆزبایی پێ کووتن .

٤،چیای هێنجیرێ دەکەوێتە بەرامبەر خورماتو، زنجیرێ چیایەکێ دڕوانێتە سەر ناوچەکە. ئێستا سوپای عێراق و حەشدی شەعبی هاتوونەتە چیاکە، ئەوەش دوای ئەوەی چەند رۆژێک بەر لە ئێستا چەند هاوڵانێک ئاراستەی خورماتوو کرا، هێزە عێراقییەکان گومانیان هەیە لەو شوێنەوە هاوڵانەکان ئاراستەی قەزاکە کرابێت و هێزە کوردییەکە نەناسراوەکە ئاراستەی کردبێت (رووداو١٥/١٢/٢٠١٧).
ئاراستە لێرە بە مانای لێدان ، بەرەو شوێنێک هاویشتن پێکان و تێگرتن بە کار هاتوە .

٥، شەوی رابردوو 16ـ12ـ2017، لەکاتی تاوتوێکردنی بودجەی2018 بۆ وەزارەتەکانی ناوخۆ، کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، وەزارەتی کولتوور و گەشتوگوزاری، پەرلەمانتاران گوتاریاندا. مستەفا ئەلیتا، پەرلەمانتارانی ئاکپارتی رووی قسەکانی ئاراستەی پەرلەمانتارانی هەدەپە کرد . (رووداو ١٥/١٢/ ٢٠١٧)
ئاراستە لێرەدا لە جیاتی (لە) بە کار هاتوە .
٦، پارتی پێیامێک ئاراستەی خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکان دەکات (رووداو ٢٠/١٢/٢٠١٧)
ئاراستە لێرە بە مانای ، پێشکەش کردن یا ناردنی پە یام کەکی لێ وەرگیراوە .

٧، خۆپیشاندانەکانی سلێمانی لەلایەن ئەو هێزە کوردیانەوە ئاراستە دەکرێن کە مەیلیان بەلای ئێرانەوەیە قەیرانی مووچەیان بۆ خۆپیشاندان قێستووەتەوە (کورستان ٢٤ ، ٢٠ /١٢/ ٢٠١٧)
ئاراستە ئەو جار بە مانای تەنزیم کردن ، ڕێک خستن ، ساز کردن بە کار هاتوە .

٨، سەرچاوەکەی بەغداد پێست دەێت: "پیلانێکی گەورە دژی شاری سلێمانی لە ئارادایە و ئێران دەیەوێت ئەو تۆەیەی خەك دژی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاراستە بکات بۆ ئەوەی سلێمانی لە هەوڵێر دابڕێت و ناکۆکی لەنیوان پارتی و یەکێتی دروووست بکات
ئاراستە وەدەچێ لێرەدا بە مانای هان دان ، یان بەکارهێنان ، کەکی لێ وەرگیرا بێ

٩ . فوئاد مەعسووم نامەی ئاراستەی نێچیرڤان بارزانی، عەبادی و یوئێن کردووێ (رووداو ٢١/١٢/٢٠١٧),
ئاراستە بە مانای ناردنە لێرەدا .

١٠، مە غدید سەپان : دەبی گرانیبژێکانمان لێ سەر شانکانی

ئەوان ناوە ناوە گەرانی بۆ زمانی ئەوان بکەن، دەبی هەندێک لە بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی، ئاراستەی جەماوەری ئەوان بکرێن. سەرکردایەتی کوردیش شیوەی خەباتی خۆیان بگۆڕن، خوتبەکانیان هەر ئاڕاستەی سیاسییەکان و حکومەتکان نەکەن و بەشکی زۆر بۆ جەماوەری ئەوان تەرخان بکەن، هووڵە جەماوەری ئەوان بکەن (کوردستان ٢٤. ٢٥/١٢/ ٢٠١٧))
ئاراستەی یەکەم بە جێگای تەرخان کردن بە کارهاتوە . ئاراستە دووەم بە مانای روی قسە کردن ، دەی هەوڵ بدە ، روی قسەکانیان هەر لە سیاسیەکان نەبێ

بەگوێرەی زانیارییەکانی ئاژانسە لوبنانییەکە، هێزە ئاسمانییەکانی ئیسرائیل، مووشەکیان ئاراستەی پیگە سەربازییەکە کردووە بێ ئەوەی زیانی گیانی بەدواوە بووبێ.(کوردستان ٢٤ . ٢٣/١٢/٢٠١٧) ١١، ئاراستە لێرەدا بە مانای تێگرتن و لێدانە .

١٢، لە رێگەی کەمەندێک خەڵکی عێراقچی کە بەرژەوەندییەکانیان لەوێ دابین دەکرێ، حیزب و مێدیای ئاراستەکراوی دژ بە خواستەکانی گەلی کوردستانیان بەرهەم هێناوە (روداو ٨/١/٢٠١٨) تێگەشتنی مانای ئارستەکراو لێرەدا بە راستی چەتوونە بەڵام رەنگە مەبەستی حیزب و مێدیای سازکراوی لاینگر بێ .
ئەمریکا لە زەربەی ناوچەکانی ڕژهەڵاتی نووسراست جێپێیەکی نەماوە و ناتوانێت رووداوەکان ئاراستە بکات . (روداو ١٠/١/٢٠١٨)
ئاراستە لێرە یانی کۆنترۆڵ کردن ، لە دەست دا بون .

١٣، وەزارەتی دەرەوەی کەماری چیك، رایگەیاند، "بە شێوەیەکی بنبڕانە، ئەو تۆمەتەی لە بارەی پشتیوانی لە تیرۆر ئاراستەمان کراوە، ڕەتدەکەینەوە . (کوردستان ٢٤ . ٢٧/٢/٢٠١٧)
ئاراستە لێرەدا بە مانای هەڵبەستن ، درانە پاڵ یان سازکردن بە کار هاتوە ، یانی تۆمەت هەڵبەستن .
١٤، تۆماس فریدمان ئاماژەی بە گووتەیەکی بەڕێوەبەری پێشووی هەواڵگری ناوەندی ئەمریکا ،جیمس کلاپەر، کردووە کە جارێکیان گوتوویەتی: "ڤلادیمێر پوتین بەوشیوەیە دڵناڕەحەت دەکات وەك ئەوەی ئەندامێکی هەواڵگری رووسی بێت (کوردستان ٢٤ . ٤/٥/ ٢٠١٨)
ئاراستە بە مانای ، ناساندن بە کار هاتوە

١٤، لەسەر نیگەرانییەکان لەگەڵ هاوپەیمانەکانمان گفتوگۆ دەکەین، بۆ ئاوەڕی بارودۆخێکی ئاڵۆزتر نەبێت و ئاراستەی شڕی دژی داعش

بەلاڤە دانەبڕاوت (کوردستان ٢٤. ١٤/٢/ ٢٠١٨)
خودا عالمە ئاراستە لەڕەدا بە مانای چیە ! ، وا وەدەچێ هەندە مانای جەراجەر و بە بنەمایان لە بار کرد بێ ئیدی داماوە هەزی نە ما بێ و لە مانا کەو تبێ .
سەیرە دەڤەی قاتی و قڕی وشەیە و ئاراستە دەبێ هەر کەلەن و قوژبنێکی زمانی کوردی پێ کاتەوە ، لەوەش سەیرتر ئەوەیە ئاراستە لە زمانی زارەکی و لە نێو خەڵکدا جگە لە هەندێ مەرمندا کە لاسایی زمانی مێدیاکان دەکە نە وە ،کەس نە بە کاری دێنێ و نە قەتیش بەکارهاتوە ، وشەیەکی هەڵگیراو لە زمانی فارسی کە بە هەموو مانایەک و بێ هەڕ مەبەستێ بە کاری دەبەن .

لێدانی سێ قڕێی (ئەمریکا و فرەنسا و بەریتانیا) و چەند قڕێی ئەجندەکان لە ڤەژهەڵاتی ناوەند دا! … ئاسۆ حامدی

شەڕی ناوخۆ لە سوریا لە مێژە سنووردکانی ناوچەکەی تێک داوە، سەرهەڵدانی داعش وڵدان و بەهێزکردنی سەرۆتای نەمانی ئەم سنووردە بوون. سەرۆتا لە ناوچەکە شەڕ شەڕی ئەڵتەرناتیڤەکان بوون. ئەجندە جیاجیاکانی ئەقلیمی و ئینتەرناسیونالیەکان خەی لە چەند بەرەی جیاجیا و وەزعی جیا جیادا دەنوێنن. دوای چوونە ناوەی ڕووسیە و تورکیا بە ئاشکرا لە کەشکانی نێو سوریا و بە بە پەردە ئەجندەکانی سادە و ساکارتر نەکردەوە بەکو کەشکانی زیاتر ئاڤەزتر کرد و خەڵکەکەی قوربەسەرتر کرد و چارەسەری مەسەلەکانی بە ئایندەی تر برد.

ئەمریکا و ڕۆژئاوا لە لایەک و سعودیە و ئیران و تورکیە و حکومەتی سوریا لەلایەکی تر کەشەی سوونە و شیعە لەلایەک و کەشەی ناسیونالیستی و مەزهەبی عەرەب و ئیسرائیلیەکان و مەسەلەی کورد (ئەگەر مەسەلەی کورد هەشتا لەم فازە نیە ببێتە مەسەلەیەکی ناوچەیی

و کۆمەکۆشی زلهێزەکان وەک مەسەلەی عەرەب و ئیسرائیل) لەلایەکی تر هەروا جیۆپۆلیتیک ومەسەلەکانی سەرچاوەکانی سروشتی و کڕستەخاوەکانی هەرزان نموونەی دیاری ئەم کۆمەکۆشانن. ئێران و تورکیە لە لایەک دژی بایکۆتکردن لەگەل ڕووسیە یان هەموویان بایکۆتکردن و کاردەکەن وە لە عەفرین کردیان و یەکیان گرت لە دژی کورد. یان قەتەر و سعودیە و ئیمارات و تورکیە دژی ئێرانیەکان و حزب اللە و ئیخوانەکان کاردەکان.

کورد لەم نێوەدا جگە لە هێزی ئەلتەرناتیفی لە هیچ حساباتێکی ئەقلیمی دا نیە و سەفری پاش فاریزش نیە لە هاوکێشە دیپلۆماسیەکاندا. لە هیچ بارە و مناسەباتێکی جدی کۆشەی زلهێزەکاندا ئامادەگی نیە و تەنها لە دواوە و لە پەراوێزەکاندا هێزی لابەلایی هەیە. هەموو ئەم کۆشانە هیچیان لەبەرچاوی سوز و هێشی گەلانی سوریا نیە و نابووە بە بەشار ئەسەدیشەوە جگە لە ماوەڕانی و سەرگەردانی و کوشت وکوشتار هیچ قازانجێکی تریان لەم هەڵە دڕندەکیانە نەکردووەو ناکەن. پەرتەوازەیی و هەژاری گەلی کورد یەکە لە گرفتەکانی گەلی ئەمەیە و نەخۆشی موزمنمانە.

بەنموونە عەفرین شارێکی ئارام و فرەکەلتووری بوو نە شەڕی تیابوو نە کۆشە. تورکیا بە بەرچاوی هەموو ئەم هەڵانە لە ئۆپراسیۆنێکی سەربازی و جینوسایدی دا هەمووی کاولکرد و هەزی هەڵبژێردراو و هێکخراوی و فرە کەلتووری دەربەدەر کرد و ئالای تورکیای لەسەر کانتۆنی عەفرین دا هەڵدا، ئەمە بوو مڕۆق دۆستی ئەمریکا و ڕووسیە و هێژاوای مافی مڕۆق و دیموکراسی و پاراستنی ئەمن و ئاسایشی ناوچەکان.

دوای هەرشەکانی سەر دوما بە چەکی کیمیاوی ئەمریکا وەک هەنجەتێک بە پاراستنی خەڵک و سەرکوتی هەموو هێزەکانی تر هەستا بە مووشەک باران کردنی چەند ئامانجێکی سەربازی و لێکەوتەوەی زانستی سەربازی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەسەد و ڕووسیە وئێران دا. هیچ پێویست بە بەڵگە و سەلماندنی ئەوەو نیە بەڵێن ئەم ئۆپراسیۆنانەی لە سوریە هێزانە ڕووەدەن هیچ پێوەندیان بە ئازادی و یەکسانی ژیانی گەلانی سووریە نیە و هەموو ئەجیندای دەرەکی پاڵ بەمەسەلەکانەوەدەنێن و خەڵکی ئەم ووڵاتە جگە لە بوون بە قوربانیەکی والا بە یەکلاکردنەوەی حساباتە سیاسیەکانی زلهێزەکان و ئەقلیمیەکان و قوربانی شتێکی تر نین.

کۆشکانی هێژەهەڵاتی ناوەڕاست هەمە لایەنن؛ مەسەلە مڕۆییەکان وەک

کشەی عەرەب و ئیسرائیل، کشەی سوونە و شیعە، مەسەلە ئابووریەکان و هەژموونی سیاسی وەک کشەی کانزا و سامانە سروشتیەکان و مەسەلە ئابووریەکانی ناوچەکە، مەسەلەی کوردو وەک دوا ئەلقە لە کشمەکشەکانی ئیران و سوریا و تورکیا و عیراق، هەموو ئەمانە لە چوارمخە کشراون و ئەمریکا و ەژئاوا لە لایەک و ەوسیە و ووەاتانی سر بە ەووسیە لەلایەکی تر. هەموو ئەمانە هەردم لە گەان دان و هەرجارناجارە پروشکی ئاگر ووەاتە دگرتەو. ماویەک فەلەستین و لوبنان یان عیراق و سوریە و لە خوارەوش سردەم زەفار و لەم دوایانش یەمەن و سماە و لیبیا و تونسیشی هاتە سر واشە دبەتەو بە نجیریا و جیبەتی و سودان و ئسیوبیا.

خیایی ئردغان لە خوی زیندووکردنەوی ئیمراتریەتی عوسمانی و خیایی ئیرانیکان بە هیلالی شیعی لە برکەوتن دان لە هەمان کات سعودیکان وەک نونەری وەهابی دیانەو دووبارە فتوحاتی ئیسلامی (لە واقع کوشتارگای ئیسلامی) لە ناوچەکە بە مانەوی خزانی ئال سعود زیندوو بکنەو. بە ئەمریکا گرنگترین مسەلە هژموونی لسر جیپەلتیک ناوچەکە و ئەمن و ئاسایشی ئیسرائیل و کانزاکان و کرستەی هرزانە ئەوی تر هیچ مانایکی نیە و ئەخلاقی سیاسی و ئینساندستی جگە لە ووشە ی نەو پرتوک و ەژنامەکان هیچ مانای تری نیە.

کورد لەبر ئەوی توانای پاراستنی ئاسایشی نتەویی نیە و وەک نتەوە ئجیندەی خی بیان نکردووە بەکو وەک حزب و تاقم و دستیە، ئەوە جگە لە قوربانی و سرکوت هیچی بە نامینتەو. جا هەموو کات دووبارەی دکنەوە ئەوە خیانتە چن لە کرکوک و عەفرین هەموو خکی سادە گریان و ەەی بوو بەام بە سیاسیکی هشیار ەشنە کە ئەمانە هەمووی ئنجامی کارکانی پراکتیکی بەەوبردن و دیپلماسی و سیاسیکانی سرکردە سیاسیە کوردکان خیەتی لە بنەەتدا.
لەدانی دوما دووبارە دبەتەو چن لە ناوچەی تردا ەوویدا، ئەم بازنەیەی شەە لە ەژهەاتی ناوند دورانی تریش بردەوام دبە چونکە مسەلەکان هەمووییان بە شەوی خی دمننەوەو تنها لە ەوااەتدا گەانی بسر دە بەام لە ناورکدا هەمان مسەلەنن. نە نەوکانی داعش و بعس ەزالەتیکان لە بیر دکن نە نەوکانی کرکوک و کەبانی وعەفرین نە نەوکانی تلئبیب و خلیل و کناری ەژئاواو نە تعز و سنعا و شونکانی تر. هەر لکاتی تقینەویکی ئاوادا بورسکان و نرخی نوت وکالاکان ئاوگیان

بەسەردە. هەروا سیستەمی هەژار هەژارتر دەبێ و دەوڵەمەند دەوڵەمەندتر دەبێ زیاتر دڕچسپێ وقوربەسەریکانی گەلی بەرهەم هێن کە چینی کرێکار زیاتر دەبن.

لاوازی هێزی ئینتەرناسیونالیی چەپ و کرێکاری لە جیهاندا ئەم دەست واڵایەیی بەم هەموو هەژانە داوە بکۆنە گیانی گەلانی هەژار. ئەگەر کاروابەوا هەروا کەمابوونی سەرمایەش لەدەست کەسانی کەم زیاتر دەبێت و یاساکانیش پێچەوانە دەبنەوە ئینجا چینی کرێکار پێویستی بە سەرمایەداریە تا کارێکی مناسبی دەستکەوێ نەک لە وواڵاتانی دواکەوتوودا بەڵکو لە وواڵاتانی ئەوروپایی و ئوسترالیا و ئەمریکای باکووردا.

ئاسۆ حامدی

کاتێک ئابڕۆر لە ئاپۆی ناسیۆنالیستی چەوساوەکانەوە دەتە دەر...! ... موزەفەر عەبدولا

لە بیستەمین ساڵیادی تیرۆری هاوڕێیان شاپوروقابیلدا

بیست ساڵ لەمەوبەر لە ڕێکەوتی ١٨-٤-١٩٩٨ دا بە ئاشکرا لەناو شاری هەولێرو لە سایەی دەسەاتی پارتی لە لایەن چەند کەسێکی سەر بە تاقمە ئیسلامی یە تیرۆریستەکانەوە دوو ئابۆری جەسورو ماندونەسانو دڵسۆزی جەماوەری چەوساوەی کوردستان ، بە تایبەتی خەڵکی ئاوارەو بێخانەو لانەو بێکارو هەژار، ولایەنگرانی مافەکانی ژنان تیرۆر کران ،کە ئەوانیش هاوڕیان شاپور عەبدولقادرو قابیل عادل لە ئابۆرای حزبی کەمۆنیستی کرێکاری بوون.
ئەگەر چی ئەو کات پارتی کەسانێکی دەسگیر کرد کە گوایە هەستاون بەم تاوانە بەناو ئەوەی گومانی تیا نی یە تا ئیستاش ئەوەیە کە هاندەرو بەیاردەری سەرەکی ئەم تاوانەیان نەک هەر دەسگیر نەکردوە بەڵکو پارتی بە مەبەستەکانی خۆی پلەو پایەی پێداونو کردویانن بە

ئەندام پەرلەمانییش چ لەسەر لیستی پارتی چ لەسەر لیستی ئیسلامی یەکان. ئەوانەش مەلا بەشیری سەربەپارتی کە بە ئاشکرا لە خوتبەری ڕۆژی هەینی یەوە هانی خەڵک دەدات بۆ کوشتنی هاوریان هەروەها مەلا بیلالی سەر بە کۆمەڵەی ئیسلامیش بە پەی دانپیانانی یەکێک لەوانەی دەسگیرکراون باسی چۆنێتی کوشتنیان دەگێڕێتەوە و دەڵێت ئەوان دەستێکی چوارکەسی بوون لە لایەن مەلا بیلالەوە ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی کراون تا ئەم تاوانە ئەنجامدەن.کەچی ئەم دوو کەسە تا ئێستا ئازادن وەک سەدانو هەزاران تاوانباری تیرۆریستی کرد.

هەمو ئەم بەڵگانە لە کاتێکدایە کە هاوبەری حزبی کۆمۆنیست لەو ساتەوە چەندین جار لە ڕووی یاسایی یەوە دەستی بردوە بۆ ئەم کێسەو بۆ جدی دادگای لێیان گرتوە بەڵام پارتی هەر جارەی بە مەبەستێکی خۆی ئەمدەستو ئەودەستی پەدەکات.
خۆ هەر کاتێکش کۆشەو ململانێیان لەگەڵ تاقمە ئیسلامی یەکان توند بوبێتەوە ئەوە سەرانی پارتی ئاماژە بە کێسەکە دەدەنەوە ئەویش بە مەکۆچ پێکردنیان.ئەمەش جارێکی تر ئەوە دەسەلمێنێتەوە کە پارتی وەک لایەنی دەسەڵاتدار بیانوەتو نیانوەت ڕۆیان هەبو چ لە هاندانی مەلاو ئیسلامی یەکان بۆ ئەم تاوانە چ لەوەی هەندێک لە تاوانباران ئاشکرانو بایی ئەوەندەش بەڵگە هەیە بۆ دەسگیرکردنو سزادانیان بەڵام بۆ دەنگەی لەدەکەن.
بۆیە ئەم کێسە لەهەمو ڕوویەکی سیاسی و یاساییەوە لای جەماوەری ئازادیخوازبۆ گشتی و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بۆ تایبەتی ،هەمیشە بۆ کراوەیی دەمێنێتەوە و هەرگیز فەرامۆش ناکرێت تا ئەو ڕۆژەی دەسەڵاتێک دەبێت لانی کەمی ئازادی و عەدالەتو سەروەری یاسا بپارێزیت و لە سایەیدا ئەم تاوانبارانەش ڕوبەڕوی دادگاو سزا بکرێنەوە.

هەر بەم بۆنەیەوەش پێویستی دەزانم جارێکی تر ئاماژەیەکی کورت بۆ پەگەی ئەم دوو هەڵسوڕاوە کۆمۆنیستە بەدەم کە چۆن ئەوان لە ناو ئاپۆی ناڕەزایەتی جەماوەرەوە وەک دوو هاوبەر هاتونەتەدەرەوە.
بەگومان شاپورو قابیلش وەک سەدانو هەزاران کەسی تر هەر لە دەورانی هەرزەیەو لاوەتی یەوەو لە چوارچێوەی بارودۆخی پێ لە ململانێو کێشمەکێشی سیاسی وچینایەتی و شۆڕەو ستەمو بەمافی تر لە سایەی ڕژێمی قەومی فاشی بەعس و باڵادەستی ڕەوتە بەرژوا قەومی یەکانی تر لە ئاستی عێراقو کوردستان ئاشنا بونە بە فکرو کاری سیاسی و پاشان ڕوهەنانیان بۆ بیروکاری کۆمۆنیستی.

بۆ تایبەتی لە دەورانی جەنگی ئەمریکا لە عێراقو، پاشان ئاوارە

بونو بەخانو لانەیی و بەکاریو هەژاری …هتد ئەمانیش چارەنوسیان بەستراوەیە لەگەڵ ئەو جەماوەرە. بەگومانە ئەم دەخش کە دەسپێت بەسەر خەڵکدا ئیتر خەکیش ناڕازایەتی دەردەبڕێت بەرامبەر ژەم و دەسەاتە سەرکوتگەرەکان بە بەدیهێنانی مافو خواستە سەرەتایی یەکانیان.بە تایبەتی هەزاران کەس لە خەکی ئاوارەو بەخانو لانە کە لە دەسەاتی بەعس هەاتبون بە ژێر دەسەاتی پارتی ویەکیتی. ئەمانیش لەگەڵ دەیانو سەدان کەسی تر لەناو ئاپڕەی ناڕازایەتی جەماوەردا بە جەسوریو شەلگیریو دەسەزی و ،هەروەها بە هەوڵوخەباتیان بە یەکگرتو کردنی خەکودانانی نەخشەو پلان بیان بە کردەوە بونە نوێنەرو ڕابەری جەماوەری ناڕازی.

لە ماوەیەکی کەمتر لە ساەک بە هاوکاری دەیان هەسوراوی تری چەپو ئازادیخواز توانیان خەکی ئاوارەو بەخانو لانە لە زەربەی شارەکانی کوردستان، بە تایبەتی لە هەولێر ، لە کەمپەی ئاوارەکان بەکخەنو چەندین خواستو داوایان بە هێزی یەکگرتوانە بدیبێنن. جا چ ئەو خواستوداوایانە بەسەر دەسەاتی تازە داسەپاوی حزبە قەومی یەکاندا سەپاندبێتیان چ لە ڕێگای ئەو هاوکاری یانەی کە دەزگا خێرخوازی و ئینساندۆستە جیهانی یەکانەوە دەدرا.ئەمان بە شەوازیکی دادپەروەرانەو دەسەزانەو خەنەویستانە لە ڕێگای کەمپەی ئاوارەکانەوە دەیانگەیاندە خەڵک.
بەڵام لەگەڵ چونە سەری ئاستی هەشیاری چینایەتیو ڕەکخراوەیی ئەو خەڵکەدا، کە ئەمان لە نوێنەرانو ڕابەرە بەرجەستەکانیان بوون، ئیتر سەرانی دەسەاتی قەومیو خەڵکی و میلیشایی کە نیان دەتوانی بە شەوازی ململانێی سیاسی و مەدەنیانە پاشەکشە بە جەماوەرو رابەرەکانیان بکەن بیە هەمیشە خەریکی پلانگیریو ئاژاوە گیری بون لە دژیان.وە چەندین جاریش ڕوبەڕوی هەڕەشەو گوڕەشەبونەتەوەو هەوڵی دەسگیرکردنو بەسەروشوێنکردنیان دراوە لە لایەن سەرانی دەسەاتەوە. هەرچەند سەرانی دەسەات توانیان بە جۆرێک لە جەرەکان سەرکوتوبن لە لاوازکردنی کەمپەی ئاوارەکان لە ڕێگای پارە بەخشینەوەو ناردنی کەسانی سەربەخیان بە ناویانو پڕوپاگەندە کردن لە دژیان. بەڵام لەگەڵ هەمو ئەمانەشدا ئەوان بەردەوام بونە لەسەر کاروخەباتکردن لە مەیدانی تەرو شیوازی تر بە بەرگری لەمافو ئازادیەکانی جەماوەرو ڕەکخراوکردنیان بە ئاسەی ئامانجو بیروکاروناریتی کەمنسیتانە.

تایبەتمەندی تری ئەم دوو ڕابەرە جەماوەری یە ئەوە بوو کە تەنها لە نەو ڕیزەکانی خەڵکی ئاوارە هەسوراو نەبون بە تەنها بەڵکو

لەنێو تۆڕە ستەمدیدەکانی تریش لەوانە بەکارانو کارمەندانو خوێندکارانو بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنانیش ڕووبەڕووی بەرچاویان هەبو. بە تایبەری لە دوای پێکهێنانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق لە ١٩٩٣-٧-٢١ ڕووبەڕووی بەرچاویان هەبو لە پێکهینانو جێگرکردنی بیرو نەریتی کۆمۆنایەتیو کۆمۆنسیتانە. بە تایبەت لە شاری هەولێر لە سالی ١٩٩٥ بەداوە ئیتر بونە نوێنەری سیاسی راستەقینەی حزبی و جەماوەری ستەمدیدە بەرامبەر دەسەڵاتداران .وە بەرگریان لە پرسو مافەکانی ژنان بەرامبەریاساو باوەو نەریتی داکوتوو داسپاوی خزمەکی حزبە دەسەڵاتدارەکانو تاقمە ئیسلامی یەکانو مەلاکانیان مەیدانێکی تری گۆڕەی کارو خەباتیان بوو.ئەم ڕەلەشیان لە مەراسیمی یادی سێ ساڵەی حزبی کۆمۆنیست لە ١٩٩٧-٧-٢١ لە هۆڵی میدیا لە هەولێر کە ئەو کات ئەندامی کۆمیتەی ناوەکخستنی شاری هەولێربوم ئاشکراوترو بەرجەستە تر بوە لە پێشو. لەو کاتەوە ئیتر کێشەو ململانێیان لەگەڵ تاقمە ئیسلامیو مەلاکانیان لە ساڵی ١٩٩٨ گەیشتە ئاددیەک کە ئیتربە ئیسلامی یە تیرۆریستییەکان تەحەمول نادەکرا. هەر بۆیە ملهورانە پێنایان بردە بەر پلانگیرانو هاندانی کەسانی لەمپەنو هەندێک مەلاو ڕۆشنبیرو هەڵپەرستانەی پارتی چەند تاوانبارێک لە بنکەی بەکاران بە ناوأی ئوناک تیرۆریان کردن.

بەنام هەر وەک ئاماژەمان پێداو جارێکی تریش جەختی لە دەکەینەوە کە یادی ئەم ئابڕە جەسورانە کە لە ناو ئاپۆکانی ناڕەزایەتی جەماوەر هاتونە دەرەوە هەمیشە زیندوەو کێسکەشیان لە ڕەویی سیاسی و یاسایی یەوە هەمیشە بە کراوەیی دەمێنێتەوە تا ئەو کاتەی بچوکترین دەرفەت دەبێت بۆ سزادانی تاوانباران.
هاوکات ئەمە لەگەڵ هەمو بەرەی ئازادیخوازی بە درێژە دان بە خەباتیان تا گەیشتن بە ئامانجەکانیان، کە بەدیهینانی سۆسیالیزمە ،بەردەوام دەبین.
بەرزو بەرێز بێت یادی ئەم دوو ئابڕە جەماوەریەی چەوساوەکانی کوردستان
ڕیسوایی بۆ تیرۆریزمی ئیسلامی و دەسەڵاتی سەرکوتگەری قەومیو خزمەکی میلیشایی لە کوردستان.

موزەفەر عەبدولا
٢٠١٨-٤-١٥

تێبینی:
ئەم نوسینە لە ڕۆژنامەی بەپێشەوەدا بڵاوکراتەوە

ماچی شۆشاد ...حــەمە هــیوا

لە ڕێگادا بووم بەرەو پەنجەرەی ژوورەکەت
لە ناکاودا قاچم بەر دوو مەروو کەوت
ئێودەم من بووم بە بکوژ
نەدەبوو جوانیەکان بە ئەمە بمرن
دەبوو..
ئەمە جوانیەکان لەسەر پێ بنەخشێنین
،
من ئێستا بکوژم
من دادگایی بکە
تۆ تاوانبار بکەوە
تۆ دەست بەنە
بەسەریاندا
تۆ، نازی ئێوان هەڵگرە
ئیتر دەستەکانم بەیەکە ناگرن
دەستەکانم جگە لە بەیەی سوور
ڕەنگی تری پێ ناگیرێن.
.....
لە خــەونمدا
تۆ لە ژوورەکەم دەخولایتەوە
و
لەگەڵ خۆتا چاوشارکێت ئەکرد،
هاتم دەستەکانتم گرتن و نام بە دەـــمەوە
لە خەونمدا
شەوێک کەس لە کەنارەکەتان نەدەبینرا
هاتم بە ژوورەکەت
چرپاندم بە گوێچکەتا
سەاو ئازیزم
من هاتووم
تۆ وەڵامت
نەدامەوە
ئێودەم ماچەکم بە سەبری کردیت

تۆ،
دەبێت لە هەموو چرکەیەکدا
لەگەڵ هەموو هەناسەیەکدا
ماچ بکرێیت
و گوتم شەوت شاد خۆری درەوشاوەم.
...
لە ڕۆژی لا دایکبوونتا
هەموو ئازیزانت
دیارت پێشکەش دەکەن
دەمە ماڵتان،
دایک و باوکت ڕقیان لێم دەبێ
هەمووان چاویان لێسڕمە
دەمهەوێ بڕۆم
دەگەڕێمەوە
لە گیرفانی کراسەکەمدا
گوڵێ سپیەکە دەردەهێنم
دەڵێم پێشکەشێ بە تۆ،
بە هەموو تواناموە هاوار دەکەم و
دەڵێم: ئەی دایک و باوک!
ئازی دەبن دەم بسپێرم بە کچەکەتان؟
....
بە کچێک شیعر دەنووسم
جوانی لە ناخیدا دەبارێنێ
بە کچێک شیعر دەنووسم
وەک گوڵ
چۆن هەناسەی پاک دەبەخشێ
ئاوێش میهرەبانی دەبەخشێت
بڕۆ من بە کچێک دەنووسم
وەک منادێک دەخەنەتەوە
من
عاشقی چاوەکانیم
عاشقی
لێچکەکەیم
عاشقی
پێکەنینەکانیم
عاشقی
بزەکانیم...

(حەمە هیوا) 16/4/2018
کاتژمێر ٧:٣٠ ی ئێوارە

چۆن بووم بە شاعیر؟ … جەلال قادر

برادەرێکی منداڵیم هەبوو ناوی شەماڵ بوو. من و شەماڵ سەرسەری و چەقۆ وشێنی (ڕەحیماوە) بووین. کەس نەیدەوێرا شان لە شانمان بدات. بەداخەوە زۆری نەبرد ماڵی شەماڵ باری کرد بۆ سلێمانی!
هەر کە خەبەری ڕەحیماوە زانیان من بۆ تۆنیام، گەڵێ کەمەیان لێکردم و تۆریان تێهەڵدام.
لەپاش چەند ساڵێك ڕۆژکیان دایکم وتی دەچین بۆ سلێمانی و سەردانی ماڵی (شەماڵ) دەکەین.
لەخۆشیا خەریك بوو باڵ بگرم.
لەڕیانمدا حەزم لە سێ شتی شاری سلێمانییە: گەزەکەی، شەربەتی مەووژ و کچەکانیان کە کاتێك دەڕۆن بۆ ساقەو بم.
سەردانی ماڵی (شەماڵ)ی برادەرمان کرد. دامربەکسەکم بەدیاری پێشکەش بە (شەماڵ) کرد، وتی هەتیو ئەوە چییە پێت؟
دەچین کوڵانی گەڕەکی پێدەترسێنین.
بیشارەوە… ئەم شارە شەقاوی وای تیایە دوو چەقۆش تۆرح دەدەن.
ئینجا شەماڵ وتی: با بچین بۆ گەڕان.
وتم: من حەزم لە گەزە و شەربەتی مەووژە.
لەگەڵ شەماڵ چووین بۆ ناو شار…گەزە و شەربەتی مەووژمان خوارد.
ئێوەی سەرنجی ڕاکێشام شەماڵی برادەرم لە هەرکتێبخانە و ڕۆژنامەفرۆشێك، قەدەرێك ڕادەوستا و مانشێتکانی دەخوێندەوە .
لەبیرمە نامیلکە بچکۆلانەکەی (عەبدوڵا پێشەوی) دەخوێندەوە وتی: ئەگەر پارەم هەبوایە ئەم کتێبەم دەکڕی.
منیش کتێبەکەم گرتە دەست و خوێندمەوە(شەو نییە خۆنتان پێوە نەبینم)!
گەڵاییەوە ماڵ. ئێوارە کە تاریك داهات. شەماڵ دەفتەرێکی دووسەد لاپەڕەیی دەرکرد. وتی: ئەمە هەمووی شعری خۆمە و نووسیومەتەوە.
ئینجا هەستم کرد شەماڵ گەڵاوە و بووە بە شاعر

لەمپرسی: چۆن دەبێت بەشاعر؟
وتی: دەبێت عاشق بیت.
لە فکری خەم وتم جا کە عاشقی من دەبێت لەو (ڕەحیماوە) یە هەموو دەمناسن، کە پیس و پەخەم!
شەماڵ دەستیکرد بە شیعر خوێندنەوە منیش تاقەی سەرم دەهات.
لەمپرسی: باشە تۆ عاشقی کێ بوویتۆ؟ کچێکی گوندکە شۆو دەیبینین.
وتم: ئەڕۆ ئەو کچە بە تۆ دەڵێت بە ساقەو بم؟
هەر کە بمبینێ وادەڵێت.
ئینجا وتم: شەماڵ گیان… دیارییەکم بێت هەیە دەتدەمێ بەس تووخوا لەم تووڕە نەبیت؟
فەرموو…
لەژێر قەمیسەکەمەوە کتێبێکەی (پێشەو)م خستە بەردەمی.
بەسەرسوومانەوە پرسی: هەتیو ئەمەت لەکوێ بوو؟
لە کتێبخانەکە دزیم… بە تۆ…
ئای کە ڕەفیقی چاکیت… لە جارێکیتر نەکەی لەم شارە دزی بکەیت، چونکە خراپکی. ئەڕۆ لە تۆ زۆترن.
دوای ئەوەی شەماڵ چەند کەپلە شیعرێکی بەم خوێندەوە، دنیا تاریك ببوو. وتی: (بەخێ)گیان هەستە بابڕۆین دەنکەکەمت پێ بناسێنم.
لەپاش ئەوەی چەند کووچەیەکمان بۆ لەژێر دارتوویەك وەستاین و چاوەڕوان بووین!
لەپڕ کچەك کە دەتگووت مانگە، لەدرەختەکە نزیك کەوتەوە.
بە دەنگێکی ناسك وتی: (شەماڵ) گیان. بەساوقەوبم …ئەوە خەتی؟
بەڵێ…ئەمەش ڕەفیقەکەمە کە بەم باس کردی.
دوای چەنی چاکی کە من زمانم تێك ئاڵا بوو، ئەوانش پەمپەدەکەنین.
شەماڵ دەفتەرە شعرەکەی دەرهێنا و چەند کەپلە شعرێکی خوێندەوە، ئینجا دەفتەرەکەی دایە دەستم و وتی: بۆ …سەر کەڵان و چاوەڕوانم کە.
دوورکەوتمەوە و بەیارمدا هەر کە بگەڕێمەوە ڕەحیماوە یەکسەر عاشق بم و شیعر بنووسم!
کە (شەماڵ)ی برادەرم گەڕایەوە لام. وتی هەتیو دەنکەکەم جوانبوو ؟
وتم: خواوبێت، ئەگەر ئەمە دەنکی من بێت یەك دیوان شیعری بۆ دەنووسم!
ئەو شەوە لە سلەمانی خەوم زڕا …دەمگووت تۆبڵێی منیش بتوانم عاشق بم و شیعر بنووسمەوە؟!
کە گەڕاینەوە بۆ کەرکووك، لەماوەیەکی کەمدا خوو و ڕەوشتم گۆڕا، هەرچەندە عاشق نەبووم، بەڵام توانیم ببم بە بەناوبانگترین شاعیری گوندکی (ڕەحیماوە)

چونکە دەفتەر شیعرەکەی (شەماڵ)ی برادەرم دزی بوو!

١ی نیسانی ٢٠١٨

بەگاڵتەجاری هەڵبژاردن کۆتایی بەمافیاگەری دەسەڵاتی کوردی دێت.! ... سەروەرکەریم

ماوەیەکە کەی حیزب و دەکخراوەکانی سەرانی مافیای کوردی بەدەسەڵات و خەبەئپەزیسیۆن زانکانی یەوە ، کەوتوونەتەهاندانی خەڵکی کوردستان بەبۆژداریکردن،لەگاڵتەجاڕی هەڵبژردن ، ئەوەش والیکدەدنەوە بۆخەڵکی کوردستانی دەفرۆشن ،کەبۆژداری کردن ،لەوگاڵتەجاڕیەی سەرانی مافیای کورد ڕۆگای گەڵانکاریەو بۆژداری نەکردن مانەوەی دەخکەیەوک خۆی .

چەندگەمژەیەک ،لەسایەی دەسەاتکی مافیاگەریدا باوەڕبەوبەهێنیت دەتوانی ،لەڕێگەی گاڵتەجاڕی هەلبژاردنەوە گەڵانکاری بکەیت .ئەزموونکانی دنیا ئەویان سەلماندووە ،هیچ کات لەژێر دەسەاتی مافیاو دیکتاتەرکاندا ،لەڕێگەی گاڵتەجاڕی هەلبژاردنەوە گەڵانکاری ،لەدەسەات دا ڕوونادات و هەمووکات سیناریەی هەڵبژاردن بەگەوجاندنی خەڵک و مانەوەی دەسەاتە.

ماوەی ٢٧ساڵە سەرانی مافیای هەردووبنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانی ،سەرتابەناوی شەرعیەتی شەڕشگێری و دواتر سیناریەی گاڵتەجاڕی هەڵبژاردن ،دەسەاتیان بەسەرخەڵکی کوردستاندا سەپاندووەو هەرچی ژیانی ئینسانی و ماف و ئازادیەکانی خەڵکی کوردستانە داگیریان کردووە و بەدەندانەترین شێوە سەرکوتی هەردەنگکی نەیاران کردووە،هەرکاتکیش ڕۆخنەیان لەگیرابێت ،باسی شەرعیەتی خەیان کردووە ،لەڕێگەی هەڵبژاردن و دەنگ پێدانی هاوەاتیانی کوردستانەوە .

بەمانایەکی تر هەرکاتک خەڵکی کوردستان ناڕازایەتیەکانیان

بەرەوپێش بردبێت و بیریان ،لەگاچاڕی کۆتایی هەنان بەدەستهاتی مافیاگەری کوردی کردبێتوە ،سەرانی مافیای کوردایەتی سیناریۆی گاتەجاڕی هەلبژاردنیان هەناوەتە پێشەوە و بانگەشەیان بۆ ئای خۆلک کردووە ،کەدەتوانیت کۆشکان یەک لایی بکاتەوە و کۆمەلک کەسی تریان بەناوی دێمکخراو حیزبی نوێی دروست کردووە و هانیان داون ،تاخۆک بگاتەجاڕی هەلبژاردن فریوو بدەن وماناوەی خۆیان مسۆگەربکەن .

ئەوەی ئێستا لەلایەن هەندک دێمکخراو حیزبەوە بانگەشەی بەدەکرێت و هاوڕاتیان هاندەدەن بەبژاڕی ،لەگاتەجاڕی هەلبژاردن،جگەلەفریودانی خەلکی کوردستان و ئاوکردنەئاشی سەرانی مافیای کوردایەتی هیچ شتێکی ترنی یە.
٢٧ ساڵ دیوەخانەکەی سەرانی مافیای کوردایەتی چی گۆیوە بەقازانجی خەلکی کوردستان ،جگەلەوەی کاریان شەرعیەدان بووە بەدزی و تاڵانی و داوێن پیسیەکانی سەرانی مافیای کوردایەتی و،لەبەغدادیش ئاوپارەوبەرژەوەندیەکانی بنەماڵەکانیان کردووە، نەک شتێکی دیکە.

هەرکاتێکیش دەنگی ناڕازایەتیەکانی خەلکی کوردستان بەرەو تەقینەوەو کۆتایی هەنان بەدەسڵاتی هەڤیانەی کوردایەتی هەنگاوی نابێت ،دیوەخانەکیان بەکارهێناوە بۆ لەبین بردنی ناڕازایەتی و توڕەیەکانی خەلکی کوردستان ،لەنموونەی داخستنی دیوەخانەکەو دروستکردنی کۆشکی نائارام ،بەوەی ناکۆکیان هەیە ،لەکاتێک دا ئەو داخستنە جگە لەسیناریۆیەکی سەرانی مافیای کوردایەتی بۆ مەژغوڵکردنی خەلکی کوردستان و لەبیربردنەوەی کۆشە بنەڕەتیەکانیان و دەرگیرکردنیان ، بەکۆشەی لاوکی دیوەخانەکیان هیچی ترنەبووە.

کاتی ئەوەیە خەلکی کوردستان هۆشیاربن و دەرسەکیان ،لەسیناریۆو مانۆڕەکانی سەرانی مافیای کوردایەتی وەرگرتبێت و چیتر بەسیناریۆی گاتەجاڕیەکانیان بەناوی هەڵبژاردنەوە فریوونەخۆن و خۆیان نەدەنە دەست قەدەری گاتەجاڕی هەلبژاردن بەگۆڕانکاری .ئەوزوونایی ئێستاکەوتوتەکارو دێموکڕات والەخەلکی کوردستان بکات ،کەبژاڕی کردنیان ،لەهەڵبژاردنی عێراق چەسپاندنی مافە دەستوریەکانی خەلکی کوردستانە و گۆڕانەوەی مافخوراوەکانیانە لەعێراق،وەک ئەوەی دەسڵاتی عێراق هەکاری بۆینی مووچەکانیان بێت و ئەم مافیایانە خۆیان هەکارەکان نەبووبن.ئەوەی تاکۆگاچاڕی خەلکی کوردستان بکۆتایی هەنان بەدەسڵاتی مافیای کوردایەتی ،تەنها هەڵبژاردنە ،جگە لەشەریکی دەسڵاتی مافیای کوردایەتی وهەوڵی مانەوەی

مافیاگەری هەردوو بنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانی و شەریکانیان شتێکی ترنی .

٢٧ساڵ لەمەڕووی دیوەخانێکی سەرانی مافیای کوردایەتی ،لەکوردستان و زیاتر لەدەساڵیش لەعێراق نەیتوانێو ،نانێک بەسفرەی خەڵکی کوردستان ببڕخشێ ،بەرپرسێکی گەندەڵ و داوێن پیس بداتە دادگاو بکوژی ژنان و ڕۆژنامەنووسان ،لەگەڵگەی دادگاوە بەسزابگەیەنێت ،ئیتر ئەودیوەخانانان، جگە لەپاساوهێنانەوە بە دزی و گەندەڵی و داوێن پیسیەکانی دەسەڵات چی بەیارێکی بەقازانجی خەڵکی کوردستان دەرکردووە. بەیە دەبێت خەڵکی کوردستان بڕۆداری هیچ گاڵتەجارێکی هەڵبژاردن نەکەن و بەهیچ بەڵێنێکی سەرانی مافیای کوردایەتی فریوون نەخۆن ،بەڵکو هەوڵبدەن ریزەکانی خەیان ڕک بخەن و هەوڵی کوتایی هێنان بەسەرانی مافیای کوردایەتی بدەن ،ئەوە تاکەڕێگای ڕزگاریە و کۆتایی هێنانە بە هەموو دەستدرێژی و بە مافیەکان ،نەک سیناریۆی گاڵتەجاڕیی هەڵبژاردن ،کەپێش وەخت ئەنجامەکەی دیاری کراوە.

هێندا
١٢/٤/٢٠١٨

یەکیەتی … بەختیار محەمەد

(1)

پاشاگەردانییەکی سیاسی باش شاری سلێمانی گرتەتەوە: دەتوانم بڵێم لەژیکی دیموکراسیەتی تێپەاندووە و جۆرێك بووەتە ئاژاوەی سیاسی. هەمووشی بەرئەنجامی ناکۆکییە نەخۆشانەکەی ناو یەکیەتییە و ئەم حزبەی کردەتە قوربانی ملانێی نێوان باڵە جیاوازەکانی ناو خۆی.
گرفتی ئەو سەرکردایەتییەی ئێستای یەکیەتی ئەوەیە، کە هەرچەند بەش و باڵی لە دەبێتەوە و خەڵکی لێ جودا دەبێتەوە، ئەوەندەش بێ خەم و بێباکە لە ئاستیاندا (پێدەچێ ئەمانە گرووپێکی خۆسەپێنی دەسەاتخوازبن: هی وایان تێدایە سەری زمان و بنی زمانی وشەی دیموکراسییە، بەڵام لە ڕاستیدا فێی بەسەر دیموکراسیەتەوە نییە و تەنها پیاوێکی سەفسەتەچی زڕبڵێی خەهەکەشە و مەراییش بێ

سەرکردەی حزبی دیکە دەکا). هەبەتە لەم دۆخەی ئێستای یەکیەتی، تەنها پارتی سوودمەندی یەکەمە.

(2)

بەدرێژایی مێژووی دەیان ساڵی ڕابردوو، یەکیەتی ڕەخنەی لە پارتی دەگرت، کە حزبێکی خێڵەکیی بنەماڵەییە؛ کەچی ئێستا وا خۆی خەریکە دەبێتە حزبێکی خێڵەکیی – بنەماڵەیی عەیار (24).
پێدەچێ یەکیەتی وەك پارتی، بە پێی بنەمای فیکری و سیاسی خۆی، بەرگەی ئەم سیستمە (ڕەکخستنە) حزبییە تەقلیدییە نەگرێ، بۆیە وا دەبینین زۆر لەدوای زۆر بەرە و قەیرانی پتر و هەڕەشانەوەی پتر و بچووکبوونەوەی پتر هەنگاو دەهاوێژێ. گەڵێ، دەبێ بزانین، ئەمە زۆرهەڵەتە: دواجار هەموو شتەکان دەگەڕێنەوە بۆ سەر بنەڕەتی (ئەسڵی) خۆیان. واتە هەمیشە ڕابردوو زاڵ و باڵادەستە لە ژیانی ئێمەدا.

ئازادی هەبژاردن، سیمایەکی درەوشاوەی سەردەم … حەسەن هەندرێنی

لەسیستەمی نوێی جیهانییدا (جیهانگیری)، پرسی ئازادی بەجۆرێکی نوێ خۆی فۆرمێڵە دەکاتەوەو خۆی دەگونجێنێ لەگەڵ پرانسیپە سیاسیو ئابوریو کولتوریو تەکنەلۆژییەکان. بەحوکمی ئەوەی لەداڕشتنەوەی پێناسەی تازە بۆ سیستەمی نوێ، کە جیهان هەمووی لەگەڵ خۆی دەجوڵێنێ، یان ڕاستتر بڵێین، جیهان دەکاتە بازارێکی گەرمو بەردەست تا کاڵاکان یان ئایدیاکان بەئاسانترین شێوە تێیدا ساغبکرێنەوە یان بگەن. لەم ناوکێیەدا ئازادی ڕایەڵەکانی هەڵدەچنێو ڕۆڵی ئەکتیڤ دەگێڕێ.
ئەگەر جاران ئابووری تەنها ئابووری چوارچێوەیەکی دیاریکراوبوو، واتا سنووری نێوان دەوڵەتەکانی بە پێتەکەلاتو کۆنتراکتی ئابووری نێوانیان کۆنترۆڵدەکرد. ئێستا ئابووری بۆتە ئابووریێکی سنووربەزێنو خۆی بەسنووری دەوڵەتو نەتەوە نابەستێتەوە، بەکو

ئازادانەتر…فراوانتر هەسوکەوت دەکات. ئەم پرسە بۆ بوارە سەرەکییەکانی دیکەی ژیانیش راستە، لەوانەش سیاسەتو کولتور، کە وەك ستراکتۆرەکانی سیستەمی نوێ دادەنرێن، یان سیستەمی نوێ خۆی لەسەریان بیناەکاتەوە. سیاسەت دەبێتە سیاسەتێکی گشتیو کولتوریش هەمان کارەکات، هەموو ئەمانەش پەیوەست دەبن بەیەکەوە لەڕێی تەکنەلۆژیاوە، کە رایەڵەکانی ئینتەرنێت ئەو پەڕی ئاسانکاریی بۆئەم شێوازانەکردووە. واتا ئینتەرنێت بەخۆرایی لەهەموو کونجێك ڕێی سەرەکی لە کۆمیونیکەیشن دەگرێو هەموو تاکەکان بەئاسانی بەیەکەوە گرێدەداتو ئەتوانن زۆر بەئاسانی لە کولتورو زمانی یەکتری فێربنو تێبگەنو دیالۆگ بکەن، کە جاران بەر لەسیستەمی نوێ کارێکی نزیك بوو لەمەحاڵ.

بۆیە بۆپرسی ئازادی کە چوارچێوەکانی فراوانتردەبنەوە، وەك باسمانکرد لەچوارچێوەی تەنها دەوڵەت گیرناخۆن، بەکو دەبنە سنووربەزێن، بەئاسانی تەعمیم دەبن (دەگشتنرێن)ولێکدەچنو بەتەواوی ڕەنگی یەك دەگرن بەڵام (مەرجیش نیە وەك یەك بن). لێرەدا بەوە دەگەین. ئازادی دەچێتە سەر شێوە ژیانێکی تازە، کە فراوانتر بەسەر دەلاقەکانی ژیاندا بڕوانێو جیهان بەتەواوی بەووێدا بکرێتەوە، بەدەستوەگرتن بە بەرمەبنای " تا ئەو شوێنە ئازادی کە ئازادی ئەوانی دی پێشێل نەکەی" کە ئەمە رستەیەکی ڕاستیەو لەپەیمانی کۆمەڵایەتی پێی ئاشنادەبین.

کەواتە تا بەفراوانتر لە ئازادی بڕوانین، تا سنووورەکانی دونیامان لەبەردەمدا کراوەتربن، ئەوەندە مولتەزیمتردەبین بەرامبەر ئەوانەی بەهەمان شێوە دەیانەوێ ئازادی پراکتیزەبکەن. کرێکو ناوەڕکی ئازادیش بەپێی پرانسیپە تازەکانی جیهانگیری خۆ لە ئازادی بیرکردنەوە، ئازادی گوزارشتکردن، ئازادی هەبژاردن، ئازادی بەشداریی سیاسی، ئازادی خۆکاندیدکردن، ئازادی دروستکردنی حزبو ڕێکخراو، ئازادی چوونە نێو پێشبڕکێی بازرگانیو ئابووری، ئازادی نووسینو خۆپیشاندان… دەبینێتەوە. خۆشبەختانە لەئەزموونی خۆبەڕێوەبەری باشووری کوردستان هەموو جۆرەکانی ئازادی لەبەردەم تاکدا فەراهەمن، بەهەبوونی تێبینیو سەرنجی جدیش لەسەر شێوەن و کاتی پراکتیزەکردنیان. (بەڕەچاوکردنی کاریگەریی ئاینونەریتی گشتی نێو کۆمەڵگا).

ئەوەی ئێستا کاتییەتیو دەرفەتێکە لەم ستوونە باسی لێوە بکەین، ئازادی هەبژاردنو خۆکاندیدکردنو چوونە نێو حزبو دروستکردنی حزبە، کە ئەمانە هەمووی مەیسەرن، بەڵام ئایا بۆ تاکێك ئاسان دەبێ

جێی خۆی بکاتەوەو مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ پرسی ئازادی بکات بەبۆئەوەی گلەیی نەکات!!؟ بۆگومان ئەتوانێ ئازادانە بەشداری سیاسی بکاتو حزب هەبژێرێ، بەڵام لەسیستەمی تازەدا کە کۆمیونیکەیشن ڕێ دەگرێ، ئاسان نابێ بۆی ئەم بەشداریە بەتەنیا پەرەپێبداو بەئاسانی بچێتە ناو ململانێ قورسەکان.
واتا لەسەر ئاستی ئازادی بێ تاك ئەتوانێ گوزارشت لەڕاکانی بکاتو بەشداری سیاسی لەڕێی حزبەکانەوە بکاتو تەنانەت ئەگەر ئیمکانی هەبێ حزبیش دروستبکاتو خەیشی بەربژێربکات بێ هەبژاردنەکان، بەپێی یاسا هیچ ئاستەنگیەکی نایەتە سەر ڕێگا، مەگەر ئیستیفزاز بکرێ و هەندێ ڕێگری ماددی بێنە سەرڕێی، ئەمانەش نابنە ڕێگری لەبەردەمیدا.

کەواتە نابێ پێمان سەیربێ کە کەسێك راستەبێتەوەو حزب دروستەکات یان لەکاری بازرگانییەوە باز بێ کایەی سیاسی دەداتو سەرمایەکەی دەخاتە خزمەت دروستکردنی حزب، یان لەسیاسەتەوە دەچێتە ناو بازاڕو بازرگانییەوە. ئەم جۆرە کارانە لەپێشووشدا کراونو لەئێستاشدا زۆر واردن. ئەوەستێتە سەر ئەوەی کەسەکان چەند ئەتوانن درێژە بەکارەکەیان بدەنو خۆ ڕابگرن، چونکە یەکێك لەتایبەتمەندییەکانی ئەم سیستەمە ئەوەیە مەرج نیە ئەو کارەی کەسەکە دەستی دەداتێ تاسەرو بەردەوامبێ لەسەری ئەگەر نەیتوانی سەرکەوتن بەدەستبێنێو ئامانجە سەرەکییەکانی بەدیبێنێ، بۆیە لەدونیای پێشکەوتوو، کەوتنو هەستانەوەی بەردەوام دەبینین بەتایبەت لەبواری سیاسەتکردنو ئابووریدا. مەرجیش نیە هەموو ئەوفڕمە حزبیانەی بەنوێی دەبینین لەناوەڕکدا نوێگەربن، یان ئەو حزبو ڕێکخراوانەی لەسەر تەقلیدی خۆیان دەمێننەوە توانای ئەوەیان لێبستێنینەوە کە نەتوانن خۆیان لەگەڵ پێشکەوتنەکان بگونجێنن، ئەمە نموونەی وڵاتە پێشکەوتووەکانو تەمەنی درێژی حزبەکانیان. کە هەیانە بێ سەدەیەك زیاتر دەچێو ئێستاش لەسەر سەکۆی دەسەڵاتە (پارتی کۆماری ئەمریکا 20ی مارسی 1854)، بەڵام ئەوەی ئەم پارتانە جیادەکاتەوە لە پارتە پیرەکانی ڕۆژهەڵات، بەردەوام دەستاودەستکردنی دەسەڵات بووە. بۆیە لێرەشدا، پارتێك یان کەسایەتیەکی سیاسی ئەگەر نەتوانێ لەدوای چەند هەبژاردنێك بگات بەکورسی دەسەڵاتو ئامانجەکانی بنێتەدی، پێویستە وازبێنێو پارتەکەیشی هەوەشێنێتەوەو دەرفەت بەوانە بدات کە دڵی جەماوەر بەلای خۆیاندا کێشدەکەنودەبنە شوێنگرەوەی.

چیرۆک بۆ منداڵان – ڤی ناو دۆ … گۆڕینی: محەمەد بەرزی

منداڵە خۆشەویستەکان : مامۆستایەکی باخچەی ساوایان ، بەیارید ایارییەکی بۆ نرخ و پۆ بایەخ لە گۆڕە منداڵەکانی پڕلەکەیدا بکات . مامۆستاکە داوای لە یەک بە یەکی منداڵەکانکرد ، کە هەر یەکەکیان چەند پەتاتەیەک ئامادە بکات و لەسەر هەر پەتاتەیەک ناوی کەسێک بنووسن ، کە ڤیان لێ یەتی و بیخەنە ناو جانتاکانیانەوە . منداڵەکانیش زۆر بە جوانی بە قسەی مامۆستاکەیانکرد .

ڕۆژی دوایی هەر یەکەک لە منداڵەکان ، ڤیان لە چەند کەس بوو ، ناوی ئەو کەسانەیان لەسەر پەتاتەکان نووسیبوو ، پاشان خستبوویانە ناو جانتاکانیانەوە . جا هەندێکیان جانتاکەی تەنها دوو پەتاتەی لە ناودا بوو ، هەندێکیان سێ و منداڵی واشیان هەبوو پێنج پەتاتە لە ناو جانتاکەیدا بوو . ئنجا مامۆستاکە داوای لە منداڵەکانکرد ، بە ماوەی هەفتەیەکی تەواو بە هەرشوێنێک چوون ، جانتاکانیش لەگەڵ خۆیاندا بەرن .

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ منداڵەکان لە بانی ناخۆشی پەتاتەکانی ناو جانتاکانیان ، زیاتر نیگەران و بێزار دەبوون . بەتایبەتی ئەو منداڵانەی ، کە پێنج پەتاتە لە ناو جانتاکانیاندا بوو ، جگە لە بانی ناخۆش ، ئەوا قورسی جانتاکانیشان بە تەواوی بەتاقەت و شەکەت و ماندووی کردبوون .

پاش هەفتەکە یارییەکە کۆتایی هات و منداڵەکان ڕزگاریانبوو . ئنجا مامۆستاکە بە ڕوویەکی خۆشەوە ئەم پرسیارەی ئاراستەی منداڵەکانکرد : تکایە هەفتەی ڕابوردوو بەو پەتاتانەوە هەستتان چۆن بوو ؟ . هەموو منداڵەکان دەربارەی بانی ناخۆشی پەتاتەکان و قورسی جانتاکانییان لە هەموو شوێنێک ، کە بۆی چووبوون بێزاری خۆیان دەردەبڕی .

پاشان مامۆستاکە زۆر لەسەرخۆ وتی : خۆشەویستەکانم : ئەم یارییە ئەو وانەیەمان فێرکات ، کاتێک ڤیمان لە کەسێک دەبڕت و لە ناو دەماندا هەڵیدەگرین ، ئەوا بانی ناخۆشی ئەو ڤیمان دەمان پیس و قورسدەکات ، بە هەرچ شوێنکیش بچین ، لە کەمان نابێتەوە و بە تەواویش ماندوومانەکات . جا ئەگەر ئەوە نە توانن بە ماوەی

هەفتەیەک بەرگەی بەنی ناخۆشی پەتاتەی ڕزیو بگرن ، دەی باشە چۆن دەتوانن هەموو ژیانتان بەرگەی بەنی ناخۆشی ڤوکینەی ناو دەتان بگرن ؟ . هەر بۆیە پەویستە هەموومان سنگفراوان و لێبوردوو بین ، تا دەمان ، دەکی پاکوبگەردی بە ڤوکینە بێت و هەمیشە بە خۆشی و شادی و کامەرانی بژین .
جا منداڵە ژیرەکان : ئەم چیرۆکە پەماندووت ، نابێت ڕۆگا بەدەین ڤوکینە لە ناو دەماندا جێگا بە خۆی بکاتەوە ، چونکە بە درێژایی ژیانمان بەمان دەبێت بە خەم و پەژارە و بێزارییەکی زۆر . کەواتە باشترین شت ئەوەیە سنگفراوان و لێبوردوو بین بەرامبەر بە خەڵکی . خۆ ئەگەر کەسێکیش هەڵەیەکیکرد بەرامبەرمان ، ئەوا باشتر وایە بەر لەوەی تەماشای هەڵەکانی بکەین ، تەماشای لایەنە باشەکانی بکەین .

*****

تێبینی : ئەم چیرۆکە لە ئینگلیزییەوە کراوە بە کوردی و ناوی نووسەری لەسەر نییە .

پاشماوە ... ستار ئەحمەد

بەوانە سیمای خەزانیم
چۆن تڕی چاوانم وشك بووە
حەسرەتم وەك گەڵا زەرد بووە
هەناسەم دووکەڵە
فرمێسکی لێدەتکێ
ڕامێنە لەدەم
شووشەی سەر مێزی ناکەسە
لەگێشەی نەناسا کپ دەشکێ
دەم زارێکی ئەنفالە
بەدەمی سەگەوە لەت دەکرێ
مەراق لەهزرم دەچڕێ
بێ تۆشووی ڕاوکەرو
چەتەی ئەو دیوی
سنووری غەدر دەبڕێ
ئاونگی بەیانیان

هەنسکی دایکمە
لەقەدو باڵای
ئاڵاو خاك دەچڕێ
سەرم لوتکەی ئەزمەر
ناخم وجاخی شەهیدان
پەلکم لەخوێنئاوایە
ئەوی دیم کوردستان
پێشاکم کەچباری باکووری
لەباشور پاشماوەی پشکۆیە
هەنگاوم کیژانی عەفرینە
هەڵوەستم تەلبەندی گەکۆیە
دەستکم کەناری و
دەستەکەی تریشم هەڵەبجەیە
چاوی راستم
کوانووی سووتانی خەمە
چەپیشم
زیندانی ئەشکەنجەی تێیە
جەستەم خاکەکە کەرت کراو
هەناوم کانییەکە
تژییە لەخوێناو
من وەردی گیانەڵای ویژدانم
خەزگەم " ئاواتم "
تاسەم " زمانم
نەخشەی دورگەیەك بڕینم
تابلۆی ژەهراوی
نۆو شانە ی هەنگوینم